www.kurdistannet.org
10-10-2006 18:22بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# مەرگی باوکی نوسەرێک.. نامەیەکی کراوە پێشکەشە بەهاورێم کاکە ئەردەڵان عەبدوڵا... ئامانج عەبدوڵا سوور

کەشاعیری گەورەی کورد خاوەنی دیوانی پایزی جاران (حەمە ساڵح دیلان) لەزیندان بووە هەواڵی کۆچی دوایی باوکی پی دەدەن مەراقێکی ئەبەدی دای ئەگری وخەمێکی هەتاهەتایی رای ئەژەنی مەگەر کورد خاوەنی باوکێکی میهرەبانە وبەشێوەی ئەنتی ئۆدیب لەباوکی ئەروانی، دیلان ئەوخەمە ئەیباتەوە بەرەوکەنارەکانی تەنهایی وناچار پەنادەباتەوە بەرشیعر هەربۆیە ئەوشاکارە دەنوسی:
گرەی پەژارەی دووری دیدارت قرچی هەڵهێنا پێستی ئارامم گەردی سەرگوڵی وێنەی رووخسارت شێواندی وێنەی تانوپۆی فامم ئەستەمە لەتەنیایی وپەراگەندەیی بەرگەی هەواڵێ مەرگی ئازیزێکت بگری بەڵام سروشتی مرڤ هەروایە نەهامەتیەکان بەخێرایی بەنێوی دا گوزەر دەکەن لی گرنگە ببێتە سەرچاوەی ئیلهام بەخشی بەهرەکانی وئەو واقیعە بەرهەمێکی لی زایند بێت هەژاندن کێش بکات..
هاورێم ئەردەڵان.. خۆت باشتر ئەزانی قەڵەم رۆژێك رۆڵی خەنجەری دەبان ئەبینی ورۆژێك مەرهەمی سەربرینان!!!
ئەمرۆ بەتاسەوە هەواڵی کۆچی دوایی حاجی عەبدوڵاسدیق تەویڵەیی جەنابی باوکتانم پێگەیشت خەم دای گرتم ئەوخەمەی بۆچەند جارێك خۆم خستە شوێنی تۆ ئەز ئەوکۆڤانەم بینیوە لەپەراگەندیی دا خەمێکم چەشت کەبۆ هەتاهەتایە ئەستەمە لەیادم بچێتەوە کەچی هەر وورەشم بەرنەدا..
مەرگ ئەزیەت ناداتە بەرئەو مرۆڤەی چاولێك ئەنی کەچی کۆڵێك لەشانی هەموومان ئەنی ئاخر ئەودیوارەیە بۆهەتاهەتایە لەخۆشەویستانمان دائەبری تانوکە کەئارامی بەخۆمان ئەبەخشین پەنادەبەینەوە بەر کریشنا مۆرتی هەرئەبی ببینەوە بەسروشت چما پێوستی بەهەمووماندە ودواجار مردن تەواوکەری ژیانە ئیدی تێزێکی زیاتر لەمە نیە مەگەر سەرچاوە ئاینیەکان کەهەموو مەراسیمەکانمان بەیەکەوە ئەبەستێتەوە..
هاورێم کاکە ئەردەڵان ژیان تاکە مەوادایەکی کەمابێتی هەرهیوایە بەئایندە تائەورۆژەی هەموو چاومان لێك ئەنێین هەربەدوای هیوادا عەودالین تۆش بەقەڵەم وژنە مۆدێرنەکەو جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیا درێژی دەکەیتەوە... منیش لەم کۆڤان وخەمەدژوارەتدا بەشدارم..

2006/10/10

باشور/سلێمانی